## هونەرمەندانی کوردستان داوای پشگیری لەهونەرمەندانی دەرەوەی وڵات دەکەن!!

پاش ئەوەی کۆمەڵێك هونەرمەندانی ناوەوەی وڵات بۆسنوردانانێك لەبەرامبەر ئەو هەمو گەندەڵیەی کە لەناو ڕێکخراوی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستاندا هەیە کۆبونەوەیەکی گەورەو بەرفراوانیان سازکردو دەستیان کرد بەهەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوە تائێستاو سەرلەبەیانی ڕۆژی 9/26 لەناوشاری سلێمانی کۆکردنەوەی ئیمزا بەردەوامەو بڕیاریشە ئەمڕۆ سێ شەممە ڕێپێوانێکی گەرەی جەماوەریی لەناوباغی گشتی بۆ ناوبارەگای یەکێتی هونەرمەندان سازبکرێت و سەرجەم بەشداربوان مانگرتنێکی درێژخایەن ڕابگەیەنن تائەو کاتەی ئەو کۆمەڵە کەسەی کە ئیقتیحامی دەسەڵاتی یەکێتی هونەرمەندانیان کردوە چۆڵی دەکەن و حورمەت دەگێڕنەوە بۆ هونەرمەندی کورد...
جا هونەرمەندان لەناوەوەی وڵات داوالەهونەرمەندانی دەرەوەی وڵات دەکەن بە هەڵمەتێکی ئیمزاکۆکردنەوە پشگیریان بکەن لەم هەڵمەتە دژ بەگەندەڵیەی ناو یەکێتی هونەرمەندا ن چاوەڕێتانین هونەرمەندانی بەرێزی دەرەوەی وڵات